# وێنەی ژن، کۆمەڵگەی دوای جەنگ

رێبین حەمەڕەفیق



ڕۆژگار مستەفا، هەرچۆنێک بڕۆم بریندار دەبم، ٢٠١٧ فۆتۆ ئینیستلایشن

ژن لە نوماینەدەکردنی وێنەی چەرخی نۆزدەدا، گەورەترین بەشی بەر دەکەوێت، ئەو نوماینەدەکردنە ئەوەندە کۆنتراست، زەق و گەورەیە، کە بە هیچ شێوەیەک نوماینەدەکردن نەماوە. لە سەرێک ئەوەندە بەشەکە گەورە بووە (هەموو بەشەکانی سینەما، فۆتۆ و پڕوپاگەندەیە ... تاد)، کە لە کۆتاییدا بوونی ژن، کورتکراوەتەوە تەنیا بۆ وێنە.

گریسێلدا پۆلۆک، لە پەڕتووکی (بینین و جیاوازیی Vision and Different)

من دەمەوێت پێوەندی لە نێوان دوو کاری هونەرییدا بکەم، کە هەردووکیان بەشێک لە نامەیەکیان تێدایە، کە دەکرێت لە زۆر ڕووەوە وێنەی ژن شی بکاتەوە، کە چۆن وەک ئۆبژێکتێک بۆ حەزی پیاو بەکارهاتووە. ئەم دیاردەیە چۆن جەستەی ژنی کۆلۆنایز کردووە. چۆن لە وێنەی هاوچەرخی ژندا ژن دووجار کۆلۆنایز بووەتەوە؛ جارێکیان لە چاوی پیاوەوە، جاری دووەم، کە ژن چاوی پیاو دەکات بە پێوانە و حەزی خۆی بۆ جەستەی خۆی لەسەر بنیاد دەنێتەوە، لەهەمانکاتدا چۆن ئەم کێشەیە بەر کۆمەڵگەی دوای جەنگی کوردستان دەکەوێت.

تازەترین کاریان ئەو کارەی ڕۆژگار مستەفایە، کە لە ٢٠/٤/ ٢٠١٧ لە نمایشی (من و شار یەکتر بریندار دەکەین*) نمایشی کرد، مەنیفێستی کێشەیەکی گەورەی وێنەی ژن دەکات لەمڕۆدا و هەمان

کێشە کاتێک لە وڵاتێکی پاش جەنگدا کار دەکات، بەو پێیەی بەشێکی زۆری پاشماوەی جەنگ تا ئەم ساتەش بەردەوام بریندارمان دەکات، لە بەرانبەریشدا میدیا لە ڕێگەی دروستکردنی وێنەی فەنتازییەوە کۆنترۆڵی بینینمان دەکات و جەستەی ژن لە ئۆرگانێکی سروشتیی، دەردەکات.


ئێدوارد مانێت، ئۆلۆمپیا، ١٨٦٣، (٩٠*١٢٩ سم)

کارەکەی تر، کارێکی ئێدوارد مانێتە، کە ساڵی ١٨٦٥ لە ساڵۆنی پاریس نمایش کرا، بە ناوی ئۆلۆمپیا** وە، کە گۆڕانێکی گرینگی تێدا بوو سەبارەت بە دروستکردنەوەی وێنەی ژن، بەگشتیش بابەتەکەی بابەتێکی بوێرانە بوو، کە بینەری بۆ یەکەمین جار لە بەرانبەر جۆرێکی تری وێنەی ژنی ڕووت ڕادەگرت، کە بۆ یەکەمین جار ژنێکی سۆزانیی، وێنە کێشاوە، کە بە ساردی و بە جوانی سەیری چاوی بینەر دەکات و بە جووڵەیەکی سادە، بێ ئەوەی ئاماژەیەکی ئیرۆتیکیانەی هەبێت، کە ئەمە دیاردەیەکی تا ڕادەیەک ناوازەیە لە وێنەکێشانی ژنی ڕووتدا. هەم بەرانبەر مێژوویەکی درێژی وێنەی ژنی ڕووتدا دەو[Grab your reader’s attention with a great quote from the document or use this space to emphasize a key point. To place this text box anywhere on the page، just drag it.]

ەستێت، کە بە گوێرەی چێژی پیاو دروستکراوە.

ئەوەی گرینگە لە تابلۆکەی مانێتدا، کە وەک ڤێرژنێکی تری تابلۆی ڤینۆس دەردەکەوێت، کە لەوەوپێش وێنەی ڤینۆس بریتیبووە لەو جۆرە وێنەیەی، کە ناسراوە بە وێنەی ڕووتی ژن، کە زۆربەیان بە دروستکردنی وێنەی ژنی ڕووت، کە لەو سەردەمەدا قەدەغە بووە، بۆیە ناوی خوداکانی یۆنانیان لێناوە، گرینگی وێنەکەی ڤینۆس لەوەدایە، کە سەرەتای ئەم بەشەیە، کە پێی دەوترێت وێنەی ڕووتی ژن. لەم وێنەیەدا، ژنەکە سەیری چاوی بینەر دەکات و سەرەتا ناونراوە وێنەی ژنێکی ڕووت، بەڵام دوایی بۆ ئەوەی کێشە نەنێتەوە ناوەکە گۆڕدراوە بۆ ڤینۆس و دوایی بە چەند دەستکارییەکەوە ئەم وێنەیە خەسڵەتی زۆربەی وێنەکانی ژنی ڕووت دیاری دەکات، لە زۆربەی وێنەکانی دوای ئەمدا، سەیرکردنی ژنەکە دەگۆڕدرێت و سەیرکردنە ڕاستەوخۆکە نامێنێت، بەڵام ئاماژەی دەستەکە و زیادەڕۆیی لە ئەندامەکانی لەشدا دووبارە بووەتەوە و دەبێتە

دیاردە. سەیرکردنەکەی ئۆلۆمپیا لە تابلۆکەی مانێت بۆ چاوی بینەر، بووە جێگەی مشتومڕی ئەو کاتەی نمایشی تابلۆکە، ئەگەر لەم سەیرکردنە وردببینەوە؛ دەبینین ئەم سەیرکردنە هیچ ئاماژەیەکی وروورژاندنی تێدا نییە، بەڵکو سەیرکردنێکی سروشتییە، کە ڕووبەڕووی ئەو کەسە دەبێتەوە، کە بەرانبەری وەستاوە، بێگومان لەبەر ئەوەی ئاماژەکان، وەک ژنێکی لەشفرۆش دەریدەخەن ئەو کەسەی، کە سەیری دەکات، یەکێکە لە موشتەریەکانی، یان ئاماژەیەکە بۆ هەموو بینەران، کە پێمان بڵێت: بە ڕوونی و بێپێچوپەنا ئێوە بۆ سەیری ئۆبژێکتێکی سێکسی هاتون، ئەم هەموو درۆیەی بەناوی خوداکانی یۆنانەوە شاردراوەتەوە لێرەدا کەشف دەکرێت. بێلەسەیرکردن، ئاماژەیەکی تر لەدەستی ئۆلۆمپیایە، کە ئەمجارە لە جیاتی ئەوەی لەسەر ئەندامی مێینەی دانابێت و شاردبێتیەوە، وەک لە زۆربەی وێنەکانی پێشتری ڤینۆسدا هەبووە، لە وێنەکەدا لەسەر ڕانی دانراوە و بە شێوەیەک، کە زۆر بە سادەیی لەوانەیە بە سروشتی دەستەکە لەوێدا گیرسابێتەوە وەک لەوەی، ئاماژە بێت بۆ نامەیەکی نهێنیی بۆ بینەر و دروستکردنی جۆرە جادوویەک لە دەوری ئەندامی مێینە، کە بینەر خۆی پێوە سەرقاڵ بکات و خەیاڵی پێوە لێبدات.



(ڤینۆسی ئۆربینۆ/ ڤینۆسی خەوتو) دوو وێنەی هونەرمەند، تیتان، ١٥١٠/١٥٣٨



لایەنێکی تری گرینگی ئۆلیمپیاکەی مانێت بۆ سەردەمی خۆی، جەستەی ئۆلەمپیایە، کە بە شێوەیەکی ڕیالیستی کراوە، لە کاتێکدا زۆربەی وێنە ڕووتەکانی تری ژن لەوەوپێش، بە شێوەیەکی بەرچاو زێدەڕەوی لە لەشیاندا کراوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی فەنتازیی لە ژنی ئاسایی ئیرۆتیکانەتر دەربکەون.

لەم بابەتەدا جارێکی تر پێوەندی لەگەڵ باربیەکەی ناو کارەکەی ڕۆژگاردا دروستدەکەینەوە، کە ئەویش تا دوا ئەندازە دەستکاریی ئەندامەکانی جەستەی ژن کراوە لە پێناو بە فەنتازی کردنی وێنەکە.

بەڵام لە بابەتی بووکی باربیدا، وروورژاندنەکە دووجار گەورەکراوەتەوە؛ یەکەم ئارەزووی پیاو بۆ ژنێکی فانتازیی ورووژێنەر، کە هەموو ئەندامەکانی دەستکاریکراوە، بەگوێرەی حەزی پیاو

داڕێژراوەتەوە، لە جاری دوەمدا وێنەی باربی، وێنەیەکە ژن خۆی دروستی کردووە، بەڵام ئەمجارە لە جیاتی پیاو بیری کردووتەوە و بەو شێوەیە دروستی کردووە، کە تەسەور دەکات پیاو حەزی لێدەکات، بۆیە هەموو شتەکان دەبڵ کراونەتەوە و کچێکی چواردە ساڵمان هەیە، کە دووئەوەندەی وێنەکەی، کە پیاو دروستی کردووە، باریکتر و درێژترە ... تاد.

ئەگەر لە دۆخی یەکەمدا زۆربەی ژنان بەدەست ئەوەوە ناڵاندبێتیان، کە زەوقی پیاو دەستکاریی کراوە و ژنە سروشتیەکەی دەوروبەری نابینێت؛ واتە ئەویتر، ئەوا لە دۆخی هاوچەرخدا ژنێک دەبینین، کە خۆی پێقەبووڵ نییە هەتا لە نموونە باڵاکەی ناو خەیاڵی نەچێت، بۆیە کێشەی ژنی هاوچەرخ ئەوەیە، کە بەردەوام لە گۆڕینی شێوەی خۆیدایە بۆ ئەوەی لە بووکەشوشەی باربی بچێت. واتە فەنتازیایەک، کە خۆی پێ دووجار کۆلۆنایز کردووە. بەو واتایەی کاتێک، کە پیاو ستانداردی جوانیی دادەنێت، ئەمە لە سەرێکەوە کۆنترۆڵی ژنی پێدەکات بە گوێرەی حەزەکانی خۆی، بەڵام جاری دووەم ژنێک لە بەردەم وێنەیەکدا وەستاوە، کە پیاو دروستی کردووە لە بارەی ئەمەوە ئەمجارە ژنەکە وێنەی خۆی دروست دەکاتەوە، بەڵام بەگوێرەی ئەوەی لەخەیاڵی خۆیدا بیردەکاتەوە پیاو چۆن ئەم دەبینێت، بۆیە ئەم دووجار پرۆسەکە لە سروشت دوور دەخاتەوە.

دۆخی باربی، وەک دیاردەیەکی هاوچەرخ، کاریگەریی لەسەر دروستبوونی ئەو وێنەیە هەیە، هەر لە منداڵییەوە دەچێنرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی جەستەی ژن، بۆ ئەوەی جارێکی تر، لەسەر ئەو وێنەیە خۆی بنیاد بنێت، ئیتر ئەو بنیادنانە، چەندێک توندوتیژیی جەستەیی لێدەکەوێتەوە، هەر لە نەشتەرگەریەکانی جوانکارییەوە، تا خۆبرسیکردن، بەسەربردنی کاتێکی زۆر لە هۆڵەکانی وەرزش و لەشجوانییدا، نەک لە بەر ئەوەی، کە لەشێکی تەندروست هەبێت، بەڵکو چەندێک دەتوانرێت لە وێنەی باربی نزیک ببنەوە.

لە کارەکەی ڕۆژگاردا، دیاردەی باربی، وەک دیاردەیەکی جیهانیی، تەوزیفکراوەتەوە لە دۆخی لۆکاڵی کوردستاندا و لە کۆمەڵگەیەکی پاش جەنگدا، کۆمەڵگەیەک کە شارەکانی بەدەست سووچی بریندارکاری دوای شەڕەکانەوە دەناڵێنن. بۆیە هاوچەرخبوون لە کوردستاندا، چەندین ئاڕاستە بەڕێوەی دەبات، هەموو ئاڕاستەکان بە چەندین شێوە کاریگەریی لە سەر جەستەمان بەجێدەهێڵن، بۆیە جەستە، بەتایبەت جەستەی ژن لە کوردستاندا، بەهیچ شێوەیەک ناتوانین باسی ئازادیی بکەین. بەڵکو لە ڕێگەی چەندین کاری، وەک کارەکەی ڕۆژگار، یان خوێندنەوە بۆ ئەو کارانەی، کە لەسەر جەستە کراون، دەتوانین ئاگاییەک بەرانبەر جەستە و برینەکانی دروست بکەین. تا لەوێوە

بتوانین بیر لە چارەسەر و ئەلتەرناتیڤ بکەینەوە بۆ ئازادبوون و دۆزینەوەی فۆڕمی تازەی دەربڕین بە جەستە.

سەرنج: ئەم نووسینە دەرئەنجامی سیمینارێکە، کە لە ناوەندی غەزەلنووس لەگەڵ هۆزان مەحموود، ڕێزان بەتووله، ئیسماعیل حەمەئەمین، ئەنجاممماندا لەسەر فێمینیزم و هونەر.

پەراوێزەکان:

* کاری هونەریی (هەرچۆنێک بڕۆم بریندار دەبم):

کارێکی هونەریی ڕۆژگار مستەفایە لە ساڵی٢٠١٧ ئەنجامدراوە و وەک بەشێک لە نمایشی هونەریی (من و شار یەکتر بریندار دەکەین) نمایشکرا، کارەکە بریتیە لە وێنەیەکی فۆتۆگرافیی، کە بە قەبارەی (120-90)سم نمایشکرابوو، کە بریتییە لە وێنەی بووکێکی باربی ئێلسا بە ڕووتی لە سەر تەلێکی دڕکاویی باخێک، دانیشتووە و پشتەوەی باربییەکە دیارە، کە باخچەی یاریی منداڵانە و بەلاچاو سەیری شوێنێک دەکات. وێنەکە لە ناوەڕاستی دیواری ژوورێکدا هەڵواسراوە. ئەو ماوەیەی ژوورەکە، کە بینەر دەبێت پێیدا بڕوات بۆ بینینی کارەکە، ڕێڕەوێکی دروستکراوە بە هەمان ئەو تەلە دڕکاوییەی، کە باربییەکەی لە سەر دانیشتوە لە وێنەکەدا، کە چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی نمایشەکە بکرێت، هەموو ئەو تەلە دڕکاویانەی، کە دەوری هەمان باخیان دابوو، ڕۆژانە منداڵانی گەڕەکیش بە دەوریدا یارییان دەکرد و بەردەوام خەتەری ئەوە هەبوو، منداڵێک بەری بکەوێت و بریندار بێت، هونەرمەند، لێی کردەوە و بۆ ناو هۆڵی نمایشی گواستەوە. تەلە دڕکاوییەکە، کە ڕێڕەوەکەی پێدروست کرابوو بە تەلی ڕوون هەڵواسرابوو، بەشێوەیەک، کەوا هەست بکەیت تەلەکە خۆی بە ئاسمانەوە وەستاوە.

** کاری هونەریی (ئۆڵەمپیا):

ئۆڵەمپیا کاری هونەرمەند (ئێدوارد مانێت)ە، ساڵی١٨٦٣ دروستکراوە و ١٨٦٥ لە ساڵۆنی پاریس نمایش کراوە. کارەکە بریتییە لە وێنەیەکی ڕەنگی ڕوونیی، بە قەبارەی (١٣٠ - ١٩٠)سم، کە پێکهاتووە لە وێنەی ژنێکی ڕووتی سپی پێست، ڕاکشاوە و لەسەر جێگەیەک و دەستی خستووەتە سەر ڕانی و سەیری بینەر دەکات، لە تەنیشت ژنە سپیپێستە ڕووتەکەوە، ژنێکی ڕەشپێست وەستاوە بە چەپکێک گوڵەوە. چەند ئاماژەیەک هەیە، کە جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئۆڵەمپیا وێنەی

لەشفرۆشێکە لەو ئاماژانە قردێلەکەی ملی و پشیلەیەک، کە لەلای قاچیەوەیەتی، کە سیمبۆلی لەشفرۆشی بووە لە سەردەمی کێشانی تابلۆکەدا. سەیرکردنەکەی و هەروەها ناوی ئۆلۆمپیا، کە لەوسەردەمەدا، وەک ناوێک بۆ لەشفرۆشەکان بەکارهاتووە، لە سالآنی ١٨٦٠ دا.

سەرچاوەکان:

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە، دەتوانیت سەیری ئەم دوو لینکەی ئینتەرنێتە بکەیت، هەروەها کتێبەکەی گریسێلدا پۆلۆک، (بینین و جیاوازیی) Vision and Different. هەروەها کەتەلۆگی پرۆژەی "من و شار یەکتر بریندار دەکەین"، کە بەم زوانە تەواو دەبێت.


1. https://www.pbs.org/wgbh/cultureshock/beyond/manet.html.
2. https://www.khanacademy.org/humanities/ap-art-history/later-europe-and-americas/modernity-ap/v/manet-olympia-1863-exhibited-1865.